## بڵاڤۆکی ۳ /٤/ ۲۰۲۰ کاتژمێر ۱۵

بڕیارەکان و بارودۆخی سنووردارکردنی شاری کێمی، بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە:

۱. سەردان و هاتوچۆ بۆ یەکە و شوێنەکانی خزمەتگوزاری شاری کێمی و هەروەتر نەخۆشخانەی کێمی (خەستەخانەی ساوڤۆساری) بە تەواوی قەدەغە کراون. لەو پەیوەندیەدا سەردانی نەخۆشخانەکان و بەشەکانی چاوەدێری و پارێزگاری کردن لە نەخۆشان، بۆ چاوپێکەوتنی نەخۆشەکان بە تەواوی قەدەغەن، هەرچەن کە لە هەندێ بوارادا ئیزنی چاوپێکەوتن دەدرێ، بۆ نموونە لە بەشی زاوزێدا، کە دەبێ لە پێشدا کەسەکە تێست بکرێ، و هیچ نیشانەیەکی ڤیروسی دە لەشدا نەبێ. لە دۆخەکانی تایبەتیدا، دەبێ پەیوەندی بکرێ بە پەرەستارانی بەرپرسەوە.

۲. تەواوی سەیرانگە و شوێنە گشتیەکانی کێمی تا ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۷/۳۱ دادەخرێن، بۆ نموونە ئەو شوێنانە:

هەموو چالاکیی و شوێنە کولتووری و چاندیەکان، کتێبخانەکان، ناوەندی کولتووریی منداڵان، ئەستێل و حەوزەکانی مەلە، ساڵۆنەکانی وەرزش و ڕیازە، کێمی-کامماری، ناوەندە کولتوریەکانی گەنجان و لاوان، فێستیواڵەکانی هاوینی، شوێنەکانی سەر بە شارەوانیی واتە ڕووداوەکان و تیاترۆ و کۆنسێرتەکانی مۆسیقا.

جەژن و فێستیواڵەکانی هاوینی، بە پێی بڕیارەکانی دوایی دەوڵەتەوە، هەڵدەسەنگرێن و بیریان لێ دەکرێتەوە.

هەروەتر، تەواوی شوێنەکانی خزمەتگوزاریی و کۆمەڵایەتی ژێرەوە، تا ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۵/۱۳ دادەخرێن:

ناوەندی چالاکیەکانی  خانەی بەساڵاچوان، کارەکانی بەتواناکردن یا ناوەندەکانی کار، ناوەندی چالاکیەکانی لەپیەتیهداس.

هەروەتر هەندێ لە ئۆفیس و شوێنە خزمەتگوزاریەکان چالاکی و کاتەکانی کاریان سنووردارەدەکرێ و کەم دەکرێنەوە، شوێنی وەک: خزمەتگوزاری ساونا، کە نابێ ڕۆژانە لە دەستەیەک زیاتر مشتەری وەربگرن. چالاکیەکانی ناوەندی پشتگیری لە بنەماڵان، و ناوەندی پاراستنی کاتیی ئاپیلا.

شارەوانیی کێمی، هەروەتر داوا لە هەمووان دەکا، لە چوون بۆ پرۆژەکانی کاریی و سەردانی شوێنە ئایینیەکان خۆ ببوێرن.

۳. دایەنگە و باخچەی منداڵان و قوتابخانەی ئامادیی منداڵان بە پشتیوانی تایبەتیی ڕێ و شوێنەکانی بەرپرسانی بێهداشت و تەندرووستیەوە لە شوێنەکانی خۆیاندا بەردەوام دەمێننەوە. بەڵام ئەو بنەماڵانەی کە یەک لە دایک و بابی منداڵ لە ماڵ بن، یان ئەوەی کە بنەماڵە بەخۆیان توانایی ئاگالێبوون لە منداڵەکانیان هەبێ، پێویست ناکا منداڵەکانیان بەرنەوە بۆ دایەنگە، باخچەی منداڵان و قوتابخانەی ئامادیی یان پێش سەرەتایی. خەرج یان هەزینەی ماڵی ڕۆژانەی منداڵان، واتە باخچەی منداڵان لە ڕێکەوتی ۳/۱۸ تا ٤/۱۳  لە بنەماڵەکان وەرناگیرێ. ئەو یاسایە بۆ شوێنەکانی باخچەی منداڵان، ئاگالێبوونەکانی ڕۆژانە وهەروەتر بۆ بەشی فێرکاری منداڵانی ئامادەییە.

٤. قوتابخانەی دواناوەندی (دەبیرستان) و قوتابخانەکانی سەرەتایی:

- قوتابخانەی دواناوەندیی لوسێۆ تا کاتێکی نادیار بە شێوەی فێرکردن لە ڕێگەی دوورەوە، ئەرکەکانی فێرکاریی بەڕێوە دەبا.
- قوتابخانەکانی سەرەتایی بۆ ماوەیەکی نادیار بە شێوەی فێرکردن لە ڕێگەی دوورەوە، ئەرکەکانیان فێرکاریی بەڕێوە دەبەن.
- پۆلەکانی ۱ تا ۳ی سەرەتایی، لە ژێر پاراستن و چاوەدێری وردی بەرپرسانی تەندرووستیەوە، لە قوتابخانەدا بەڕێوە دەچن.

هەروەتر خوێندن لە ناو قوتابخانە، بۆ ئەو کەسانەش دەبێ کە گیروگرفتی تایبەتیان لە فێربوون دا هەیە (بنەماڵەی ئەو کەسانە بۆ ئەو مەبەستە، دەبێ بەڵگەی فەرمی لە شارەوانیی وەربگرن). هەڵبەتە بنەماڵەکان ئەگەر پێیان خۆش بێ، دەتوانن پەرپرسایەتی فێرکاریی منداڵەکانیان، لەماڵە خۆیان وەئەستۆ بگرن.

۵. هەموو جۆرە کۆبوونەوەیەک تا ئاستی ۱۰ کەسان سنووردار کراوە، و هەموو کەس دەبێ خۆیان بپارێزن لە ڕۆیشتن بۆ شوێنە گشتیەکان. (قانونی پەسندکراو لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۳/۱۷)

٦. کەسانی سەرووی ۷۰ ساڵ، دەبێ خۆ ببوێرن لە تێکەڵ بوون دەگەڵ کەسانی تر (هاوتەریب بە دۆخی قەرەنتینە)، کە لە کاتی پێویستدا شارەوانی دەبێ یارمەتیی ئەو کەسانە بدات. یەک لەو یارمەتیانە بۆ کەسانی بەتەمەن، یارمەتیدانیانە لە کاروباڕی کڕینی خواردەمەنی و پێداویستیەکانیان لە بازار. بۆ زانیاری و ڕێنوێنی زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی: ۰۱٦-۲۵۹۵۵۲ لە شاری کێمی و دەوروبەریەوە.

YHTEISTYÖSSÄ
Kemin kaupungin kanssa

۷. شارەوانی توانایی خزمەتگوزاری و پاراستنەکانی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی بە باشترین شێوە بردۆتە سەرەوە، و ڕادەی کاروبارە نازەروورییەکانی هێناوەتە خوارەوە. هاوکات بە لەچاوگرتنی بنەماکانی شلک و شیاوی یاساکان، بۆ لەبەرچاوگرتنی مۆڵەتە یاساییەکان هیچ بەرپرسایەتیەک نیە.

- شارەوانیی هەروەتر بۆ ئەو کەسانەی لە مەترسی ڕیسک دان، و بۆ ئەوانەی کە لە ماڵەکانی ژێر چاوەدێری و پاراستن دان، سنووری تایبەتیی بۆ داناون. بۆ نموونە ئەوانە ناتوانن لە دەرەوە خەریکی چالاکیی خۆخافڵاندن بن، و لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵایەتیی و ڕاوێژکاریی ڕۆژانەدا بەشداریی بکەن.
- یارمەتیەکانی پێویست و زەرووری بە تایبەت سەبارەت بە کار و خوێندن بەردەوام دەبن. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی ۰۱۶-۲۵۹۵۵۲ لە شاری کێمی.

۸. کەم کردنەوەی خزمەتگوزاری هاتوچۆ و ئازوگۆزی گشتیی:

- سێرویسی پاسەکانی ئێواران کۆ کراونەتەوە، و هەندێ لە هێڵەکانی هاتوچۆ دەگەڵ یەکتر تێکەڵ کراون.
- سێرویسەکانی هاتوچۆ و ئازوگۆزی کێمی لە ڕێکەوتی ۳/۱۸ کەم کروانەتەوە **(Heiskasen Liikenne Oy)**

ئاڵوگۆڕ لە هێڵەکانی دوو سێرویسدا (واتە دوو پاس یان ئوتوبوسدا):

- لە ڕێکەوتی ۳/۱۸ هێڵی کاتژمێر ۱۱:۱۰ بۆ گەڕەکی **Rytikarista** هەڵگیراوە.
- لە ڕێکەوتی ۴/۴ بە دواوە، سێرویسەکای شەممە و یەکشەممە هەڵدەگیرێن.
- لە ڕێکەوتی ۴/۶ بە دواوە، سێرویسەکای ڕۆژانە تا کاتژمێر ۱۸ لە ئیش و کار بەردەوام دەبن.
- هێڵی پاسەکانی **2B**, **2C** و **6** کۆ دەکرێنەوە.
- هێڵی پاس یان ئوتوبوسی **2BC** بەیانان لە کاتژمێر ۷:۳۰ لە تێرمیناڵی شارەوە بەرەو گەڕەکی هێپۆڵا دەڕوات، و هەمان پاس لە کاتژمێر ۱۲:۲۵ لە قوتابخانەی هێپۆڵاوە دێتەوە بۆ تێرمیناڵی شار.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی ئەو ماڵپەڕە بکەن:

**http://www.meri-lapinjoukkoliikenne.fi/fi/ajankohtaista/muutoksia-joukkoliikennevuoroihin/?fbclid=IwAR1pwpcSK73XQF6rhd1QKY-weWquUrYyQkwSVjUeplYGp4uUEjQXBmfUk_M0**

۹. فەرمانمان داوە بە شەریکەکانی ئاو و کارەبا، کە لە ئاست ئەمنیەتی گشتییدا هەنگاو بنێنن، و هەموو کات بە وردیی ئاگایان لە بوارەکانی کارەبا، ئاو و گەرمای ماڵەکان بێت.

ڕێکارەکان بە پێی دۆخ و بڕیارەکانی دەستەی بەڕێوەبەرانی ناوچە و دەوڵەتەوە بەڕۆژ دەکرێنەوە.

بەڕێوەبەری گشتی: یوککا ویلێن
+۳۵۸۴۰۴۸۶۴۱۰۱
شارەوانی کێمی

**Kemin kaupunki**
**Valtakatu 26**
**94100 Kemi**